قوتابخانەی ڕوشدیەی موڵکی وئەعدادی عەسکەری لە سلێمانی دا

دوو دەستکەوتی گرنگ لە کاروانی
ڕۆشنبیری کوردی دا

غفور مزا کریم

هەرچەندە شاری سلێمانی لە مێژوودا ئەگەر لەگەڵ شارە دێرینەکانی تری کورد دا بەراوردبکرێ بەهاوچەرخو تەمەن کورت‌و نوێ دێتە پێش‌چاو ، بەڵام وەکی تر لەناوجەرگەی ناوچەیەك دا بناغەی دامەزراوە کە «شارەزوورە» کە بەخێرو بێرترین ، پێشکەوتووترین ، شارستانیەتترین ، مێژووترین مەڵبەندی سەرتاپای کوردستان ئەژمێرێ ، کە بێگومان ئەم هەل‌و مەرجە تایبەتیەو ئەم تانۆ پوویە دەگمەناویە مۆرك‌و نیشانەی دیاری‌کراوی بەسەر سلێمانی‌و دانیشتوەکانی‌دا کێشاوە ، بەرەنگێ کە شقڵی دوێنێ ، پەنجەی رابوردوو خۆی لەسەر زوربەی دیمەن‌و وێنەی‌و روخساری ئەمرۆدا ئەبینێ ، کوردوتەنی «گیا لەسەر بنجی خۆی ئەروێ» بۆیە جێگای خۆیەتی ئەگەر بڵێین کە سلێمانی ئەمرۆ میرات‌گری شارستانیەتی‌و گەنجینەی کەلەپووری نەتەوایەتی . . لانەی تیشك‌دانەوەی تێکرای بیری نوێ‌و پێشکەوتنی تازەی ناوچەکەیە .

شاری سلێمانی بەوێنەی کۆرپەیەکی نازداری دلێر لە ساڵی ١٧٨٤ دا لەباوەشی دایکی دڵسۆزی ئازای میرنشینی بەبە چاوی بەدنیا هەڵهێنا بەدەم‌گێژاوی کێشەو بەرەو تاڵ‌و تفتی ژیانەوە کەوتە گاگۆڵکێ لەناو رۆژگاری خەم‌و پەژارەدا پێی‌گرت‌و قاڵ‌بوو ، هەرەتی لاوێتی کردە قوربانی بۆ ئازادی‌و سەربەخۆیی ، بە ئارەق‌و خوێنی جگەر گوشەکانی قەڵای میرنشینی بەبەی دروست کرد . . هەمیشە خۆی‌کردبوە قەزاوەگێری کوردو دژی رووم‌و عەجەم ئەجەنگا .

پیتو فەری ئەم خاك‌و زەویەو ئاووهەوای سازگاری ئەم نیشتمانە زۆر کەڵە پیاوو زاناو دانای پێگەیاندووەو تەخت‌و تاجی میرخاسی‌و دەستەڵاتداریی‌و پایەو پلەی بەرزی پێ بەخشیون ، چەکی ئازایەتی‌و لەخۆبوردنی داونێ‌و هاویشتونیە کۆری خەبات بۆ بەرەوپێش‌کەوتن و سەرکەوتن . . . بەراستی لەم بوارە مێژوویەدا سلێمانی بێ‌ووچان لە پێناوی پێشخستنی کاروانی پێشکەوتن‌و شارستانیەت‌و ئاوەدان کردنەوەو پێگەیاندنی سوارچاکی وێژەو هونەر لەهەوڵ‌و کۆشش دابووە . . زیاد ووتن نیە ئەگەر بڵێین کە سلێمانی لەم پلەیەدا لەناو کەفوکوڵی وەجاخ‌روونی ، بەخشندەیی‌و ، قوربانی دان بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت‌دا بەهاری عومری ئەبردە سەر . . کۆشکی وتەلاری سەربەخۆیی‌و ئازادی بنیات ئەنا ، ناوی لەپاڵ ناوی بەبەدا بەوێنەی دوو ئەستێرەی جریوەدار لەئاسمانی شینی کوردا ئەدرەوشایەوە . .

ساڵی ١٨٤٧ پاش ئەوەی قەڵای ئومێدی کورد میرنشینی بەبە کەوتەبەر شالاوی ستەم‌و زۆرداری عوسمانیەکان‌و تەخت‌و بەختی دەستەڵاتداری رووخاو ناوچەکە بووبە دۆزەخ وئالای ئازادی تێدا پێچرایەوە ، خوزگەو ئاواتی پێ‌شێل‌کراو گورگی هاری رووم کەوتە لوورەلوور ، پەپوی کاول‌کردن‌و تالان‌و برۆ بە سەرلانەی دوانزە سوارەی مەریواندا دەستی‌کرد بە خوێندن پاش ئەم رووداوانە ناونیشان‌و جێگای شارستانیەت‌و ئاوەدانی تیایا کوێرکرایەوە . بەراستی ئەم بارە ناقوولایە بوو بەهۆی ئاوارەکردنی زۆر لە پیاوانی گەورەو شاعیرو زانایان هەرگیز ناچارکران کە شەربەتی دوور ولاتی‌و خەم‌و پەژارە بنۆشن‌و هەوارگەی دەربەدەری لەم‌لاو ئەولای دەوڵەتی عوسمانی‌دا هەڵدەن تا بەرەنگێکی تر ، بە شێوەیەکی تربکەونە خزمەت کردنی نیشتمان‌و پێشخستنی گەلەکەیان . شایانی باسە ئەوانەی چەرخی چەپ‌گەردی کردبونیە میوانی ئەستەنبول کە لەوسەردەمەدا ئەم شارە بەکانگای شارستانیەت‌و سەرچاوەی بیرکردنەوەی نوێ ئەژمێردا لە دوولاوە دڵ‌و مێشکیان ئەهەژێنراو ، لەلایەکەوە بیروڕای شۆڕشی فەرەنسە کاری تێ‌ئەکردن لەلایەکی تریشەوە کلۆولی ژێردەستەیی گەلەکەیان رای‌ئەچڵەکاندن بەمانایەکی‌تر ئەمانە هەر بە جەستە لە ئەستەنبول‌بوون ، دڵ‌و گیانیان لەگەڵ پەژارەو داماوی کۆمەڵانی خەڵکی ولاتەکەیان‌دا بوو چاوویان هەربەگردی سەیوان‌و دەشتی کانیسکان ئەکرایەوە ، خەیاڵیان هەر لەسەر ئاوی ئەزمرو سەرچناربوو بەو بایە ئەژیان کە لەوێوە ئەهات ، ئاواتەخوازو چاونواری فەرمانێك بوون کە رۆڵەکانی نیشتمان پێیان‌بسپێرن .

هەر ئەم هویەبوو کە ئەحمەدپاشای دوا پاشای بەبە کە هاتە ئەستەنبول لەگەڵ سلێمان بەگی غواس کەرۆڵەی یەکێك لەبنەماڵەکانی سلێمانی بوو دوو قوڵی بوونە دەم‌راست‌و نوێنەری راستەقینەو زبانی حاڵی دانیشتوانی ناوچەکە . . هەر دوو لەگەڵ بەشدارکردنی گەلێ لە پیاو ماقولانی

تر ئەوانەی کە بە توانای مێشك ، یا بەهێزی بازوویان پایەو پلەی گەورەیان لەهەندیٚ دامو دەزگای گرنگی دەوڵەتی عوسمانیدا دەستگیربووبووکەوتنە چالاکی نواندن بۆ جیٚبەجیٚ کردنی داواو داخوازی کۆمەڵانی خەڵك کە لە ئاکامدا سەرکەوتنێکی گەورەیان لە ئاسۆی بەرزی شارستانیەتدا هێنایە بەرهەم ، ئەوەبوو بەکردەو کۆششی ئەمان بە پشتیوانیو

سعيد پاشا حسين پاشا خندان

پشتگرتنی خەڵکی لە سلێمانیدا بڕیاری دانانی قوتابخانەیەکی ڕوشدیەی مولکییان لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت .

بەم چەشنە لە ساڵی ١٢٨٥ کۆچی ، ١٨٦٨ زایینی ئەم قوتابخانەیە بەچوار پۆلی کرایەوە لە سلێمانی ، قوتابیان چوار ساڵ لە سلێمانیو ، دوو ساڵ لە ئەعدادی بەغدا ، دوایی دوو ساڵ لە ئەعدادی ئەستەنبول ئەیانخوێند ، ئەوسا دەرئەچوونو باوەڕ نامەیان وەرئەگرت وئەبوونە ئەفسەری سوارە ، پیادە ، تۆپچی ، بەیتاڵی . . هتد .

بەڕاستی کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە لەو ڕۆژە ڕەشە تاریکە شەوەدا وەلەو بارە ناقۆلایەدا بەسەرکەوتنێکی گرنگ ، بە شوێنەوارێکی دیاریکراوی شارستانیەت ئەژمێریٚ ، هەروەکو بە پێواندنی پلەی زانستی ئەمڕۆ هاوتای زانکۆیەکی ئێستایە ، وەلەڕیزی پایەیەکی بەرزی خوێندەواری دێتە بەرچاو . ئەوەی

پێویستە بووتریٚ کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە بەتەنها نابێت بخرێتە سەر کردەو کوششی یا پاڵ پەیوەندییەکی شەخصی نێوان ئەحمەد پاشاو سلێمان بەگ لەگەڵ سوڵتانەکانی عوسمانیدا وبەس .

دیارە باری ستراتیژیو گرنگی ناوچەکە

کە خۆی بەنیسبەت عوسمانیەوە بایەخێکی تایبەتی هەبووە جگەلەمە ووتووکایی دانیشتوەکانیو هاوارکردنیان بۆ دابینکردنی داخوازیەکان ، تواناو لیٚهاتوویی جەنگاوەریان لە مەیدانی شەڕدا ئەمانە بەگشتی هەوینو هووی بنەڕەتی بوون چ لە ئاوردانەوەو بەدەنگەوە چوونی سوڵتانەکان لێیانو جیٚبەجیٚکردنی داواو داخوازیان . . یاخود بەهاوار بردن یارمەتی وەرگرتن لێیان لەکاتی تەنگانەو ڕۆژی ناخۆشیا . بۆ نموونە هەرجاریٚ دەوڵەتی عوسمانی ئەکەوتە ناو تەنگو چەڵەمەی ناوخۆییەوەو تووشی کێشەی شەڕو هەرای دەرەوە ئەبوو لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا ، یەکیٚ لەو ناوچانەی کە پەنای بۆ ئەبرد هاواری یارمەتی لیٚئەکرد ناوچەی شارەزوور «سلێمانی» بوو .

شەڕی نێوانی ڕوسیاو تورکیای ساڵی

١٨٧٧- ١٨٧٨ ئەتوانین بیکەین بە باشترین نموونە بۆ راستی ئەم قسەیەمان ، ئەم شەڕەداو وەکو لە زۆر مەیدانی تردا روویدابوو سولتانەکان بەکارامایی ئازایەتی و دلسۆزیو میرخاسی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێناوە ، کاتێ سولتان داوای یارمەتی لە کوردەکان کردوە بانگەوازی شەڕ دەرچوو تێکرا کوردی ئەم ناوچەیە بەپیر دەنگی کاکە ئەحمەدی شێخەوە چوون لەسەر فەرمایشی پیرۆزی هەرچی دەستی تفەنگی بگرتایە هاتە ژێر دروشمی «لا اله الا الله غەزا ئەکەین ئەنشاالله» یەوە ، بەم چەشنە نیمچە لەشکرێك رێکخرا نیوەی خەڵکی سلێمانی لەژێر سەرکردایەتی شیخ سەعیددا رووەو کوری مەیدانی شەڕ کەوتنە رێ ، کە لەئەنجامدا زوربەیان لەژێر بەفرو سەرماو سۆڵەی قەفقاسدا بەنائومێدی دوور لە نیشتمان سەریان نایەوە . گرانیە گەورەکەش کە هەموو جارێ باو باپیرمان چیرۆکە تاڵو تفتەکانیان بۆ ئەگێرانەوە هەر لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کەوتەوە ، ئەمە مشتێکە لە خەرواری . . هەزارەها وێنەی تر کە دەوری بالای ناوچەکەو دانیشتووەکانی ئەنوێنی لەسەر گۆران تو . هەڵسوکەوتو بارو دۆخی دەوڵەتی عوسمانی و دامودەزگای ، بۆیە پێویستە بەم سەنگو بەردە پەیوەندی نێوان سولتانەکانو گەورە پیاوەکانی کورد بکێشین ، وەلە سەر رۆشنایی ئەم راستیە . بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی رووداوەکانی ئەو چەرخە بچین .

لە ساڵی ١٣١١ لەدا بەکردەو کۆششی خەستی سەرۆکی شوورای دەوڵەت سەعید پاشای خەندان قوتابخانەیەکی تر بەناوی روشدیەی عەسکەری لە سلێمانی بە چوار پۆل کرایەوە قوتابیان پاش چوار ساڵ خوێندن دەچوونە بەغدا لەوێش (٣) سێ ساڵ دەیانخوێند ئەوسا ئەبوونە ئەفسەری سوارە ، پیادە ، تۆپچی . . . پاش ئەمەش هەقیان هەبوو بچنە ئەستەنبول کە لەپاش (٣) سێ ساڵ خوێندن بەپلەو پایەی بەرز دەرئەچوون وجێگاو شوێنی گرنگو تایبەتی خۆیان لە دامودەزگای عوسمانیدا ئەکردەوە ، بێگومان کردنەوەی ئەم قوتابخانەیەش بەدەستکەوتو سەرکەوتنێکی گەورەتر ئەژمێرێ . . پیرەمێرد زۆر بەشانو باهووی ئەم سەعید پاشایەدا هەڵئەداو دەربارەی دانایی و نیشتمان پەروەری ئەدوێ ودەڵێت :-
« دیارە خاکەکەمان زۆر بەپیتو بەرەکەتە کە پیاوی واگەورەو هەڵکەوتوو پێ ئەگەیەنێ . . ئەم سەعید پاشایە کەلێرە بوو (سلێمانی) بە دوای کاروانەوە چووە ئەستەنبول ، لەوێ گەورەبوو ، واگەورەبوو تەنانەت قەیسەری ئەلمانیا لەدوایەوە ئەرۆیی» .

وێنەی سەرگوزەشتەی ژیانی سەعید پاشای خەندان ئەو راستیەمان بۆ دووپات ئەکاتەوە کە کەڵە پیاوانی کورد بە شانو بازوو توانی مێشكو قەڵەمیان پایەو پلەی بەرزیان لەدەزگای دەوڵەتی عوسمانی دا وەرگرتووە تەنانەت ئەو قوتابخانە تایبەتی یەی کە سوڵتان لەژێر ناوی «قوتابخانەی تایبەتی بۆ کورانی عەشائیر سەرۆکەکان لە ئەستەنبول کردبوویەوە ، کە کورانی عەشائری ناو دەوڵەتی عوسمانی وپیاوە ماقوولانی وولات تیایانا ئەخوێندوە دەرئەچوونو ئەبوونە فەرماندەی لەشکر . نوێنەر لە ئەنجومەنی مەبعوثاندا مەگەر بەدەگمەن نەبێ ئەگینا کوردی لێ بێبەش کرابوو .

لە ساڵی ١٣٢٥ لەدا پیاوماقوڵانی کوردو کۆمەڵانی خەڵکی سلیمانی جارێکی تر بە هەوڵو کۆششی خۆیان توانیان قوتابخانەیەکی ئەعدادی مولکی لە سلێمانی دامەزرێنن ، شایانی باسە ئەم قوتابخانەیە لە روشدیەی عەسکەری بالاترو گرنگتر بوو ئەو بابەتانەی کە لەقوتابخانەکانی بەغدادا ئەخوێنرا لێرەشدا ئەخوێنرا وە دەرچوانیش لە گشت قوتابخانە بەرزەکانی بەغدا وەرئەگیران ، وە بەباوەڕنامەی ئەم قوتابخانەیە دەرچووان ئەیانتوانی ببنە فەرمانبەر وەپلەی بەرز لە دەوڵەتدا بگرنە دەست . . لە سایەی ئەم قوتابخانانەوە زۆر لە کوردەکان جێگای بەرزیان لە دەوڵەت دا وەرئەگرت ، جگە لەمەش بوونی ئەم قوتابخانانە گەشەکردنو چالاکی نواندنی بەبالای جولانەوەی رۆشنبیری کوردا بری ئەوەبوو دەرچوانی ئەم قوتابخانانە دەستێکی بالاو دەورێکی مەزنیان لە بوژاندنەوەو خۆشکردنی جولانەوەی نیشتمانی کوردی پاش سەفەربەر داگیرا .

شیاوی باسە قوتابخانەی ئەعدادی مولکی و روشدیەی عەسکەری تەنها یەکی حەوت مامۆستا تیایا دەرسیان ئەوتەوە ، هەرچەندە ئەعدادی مولکی ژمارەی قوتابیانی (٧٠) کەسو روشدیەی عەسکەری (١١٠) قوتابی هەبوو .

سەرچاوەکان

زوربەی سەرچاوەکانی ئەم باسە لە رۆژنامەکانی ژیانو ژینوە گۆڤاری زاری کرمانجیم وەرگرتووە بۆ وینە :-

١ بروانە گۆڤاری زاری کرمانجی ساڵی پێنجەم ژمارەی (٢٢) ٣٠ نیسان ١٩٣٠ .

٢ - بروانە رۆژنامەی ژین ژمارەی ١٢٤٧ ساڵی ١٩٧٥ .

٣ - براوانە رۆژنامەی ژین ژمارەی ٧٣٥ ساڵی ١٩٤٤ .